*ئه لی ئه شره فی ده روێشیان له دونیای بێ په رژین ئه دوێ*

رێناس جاف

ده میکه ئاشنا به هاژه ی رۆحێکم، هه تا دێ زیتر وه به ر
شه پۆلانی گیانه بێگه رده که ی ده که وم.
له و ده مه وه ی یه که م جار گیان، ئاشنا به ده ڤه ره کانی
ده روونی ئه م زاته نیگا ئه رخه وانییه بوو هه تا ئه و ساتانه ی
له نێزیکه وه چاوم به فرمێسکی نیگای که وت، به رده وام
هه ر رێبوارێکی شه یدا به لق و پۆی دار ئه رخه وانه کانی
ئه و هه ناسه پاکه بوومه.
هه نووکه گه لێ سالآن به سه ر ئه و رۆژانه و ئه و ده مانه دا
تێپه ریوه و ئیدی وه ک جاری جاران، کوا بۆم ده لوێ،
له ژێر نسێی گیانیا ، تاوێ به ده م گفتی دلٚپاکانه یه وه،
ئۆقره یێک به م گیانه شه که تم ببه خشم؟
به لآم هه ر جاره و له و دیو شووشه ی نیگارینی دلٚستانه که ی
کتێبه وه ، چاوم به تیشکی هه ساره یێکی ده کرێته وه، ئۆخژنێکم
دێتێ و پر به گیان، له هه ناسه کانی ئه و هه ساره رووناکه
هه لٚده مژم و له بۆنی دار ئه رخه وانه کانی پێ بناری رۆحی
مه ست ئه بم.
مه به ست له و زاته دلٚپاکه ی نێو ته مستانه که ی ژیانی
ئه م سه رده مه، نووسه ری کوردی فارسی نووس
خودان رێز "ئه لی ئه شره فی ده روێشیان"ه.

ئه و چه ن دێره دلٚنیا به، نه تێکه لٚ به مه رایی و رووبینی و
نه ش هه تا به ئێستا گیانم به و ده رده ئالووده بووه.

| |
|---|
| ئه و ماوه له ماڵپه ڕی "یارسان"دا چاوم به بابه تێک که وت |
| له سووچێکیه وه   ده قی وتوو وێژێکی ده گه ڵ ئه م نووسه ره |
| به رزه ، له خۆ گرتبوو. ماڵپه ڕی یارسان ئاماژه ی به وه ش |
| کردبوو که ئه و بابه ته ی له ماڵپه ڕی"قابیل"  وه رگرتووه . |
| ئه وه شی وتووه که گفت و گۆکه هی ساڵی 1375 هه تاوییه |
| به ڵام له به ر ئه وه ی وته کانی بۆ دۆخی ئه مڕۆش |
| هێشتا هه ر تازه ن،  له گۆشه یێکی ماڵپه ڕه که دا دایناوه. |
| منیش  حه یفم لێ هات نه یخه مه به رچاو ڕووناکبیری کورد، |
| ئاواتمه به م کاره م ده روویێکی نوێتان له ڕوو بکه مه وه و |
| چینی خوێنده واری ئه مڕۆی کورد، به رهه مه کانی ئه م |
| نووسه ره خامه ڕه نگینه له خۆی بزانێ ،چونکه هه وێنی |
| زۆربه ی به رهه مه کانی هه ر کۆمه ڵگه ی کورده وارییه و |
| به جۆرێک هێشتاش هه ر جڤاکی مه به ده س ئه و ته نگ و |
| چه ڵه مه و گیر و گرفتانه وه ، ده ناڵێنێ. |
| ئه وه ش ده قی گفت و گۆکه ی به ڕێز "عه لیخانی" ده گه ڵ |
| سه یدا "ئه لی ئه شره فی ده روێشیان" . |
| پرسیار:چلۆن ڕووت کرده دونیای نووسین و بووی به نووسه ر؟ |
| وه رام: به هه ڵکه وت، ساڵی سێیه می ناوه ندی، ئینشایێکم |
| نووسی که وه به ر تاریف و په سنی دان که وت و چه پڵه یێکی |
| چاکیان بۆ لێدام، هه ر ئه وه بوو به دنه ده رم. |
| هه ر ئه وه وای لێکردم په ی به قه ڵه م و توانا و به هره ی |
| نووسین له خۆدا ببه م. به ڵام هه تا ته مه نی سی ساڵی هیچم |
| له چاپ نه دا. له زانکۆ و فێرگه ی مامۆستایان به هۆی ئاشنایێتی |
| ده گه ڵ جه لال ئالی ئه حمه د، دوکتۆر ئه میر حسێن ئاریانپوور و<br>دواتر بیهئازین و ...به شێوه یێکی هه ره قه تی تر و کاراتر |
| ڕووم کرده نووسین. خاسما جه لال ئالی ئه حمه د و |

| |
|---|
| خاتوو سیمین دانشوه ر، پڕ دنه ده رم بوون بۆ نووسین. |
| هه ڵبه ت هه موو ئه وانه به هه ڵکه وت ده زانم. |
| پرسیار:ته کنیک و شێوازی نووسینت چلۆنه؟ئایا گش ڕۆژێک |
| ده نووسی یان چه مه ڕای ئیلهام ده مێنیه وه ؟ |
| و: هه موو ڕۆژێک ده نووسم. قه تیش چه مه ڕای ئیلهام |
| نه بوومه. کار و چالاکی به رده وامی ڕۆژانه و به س. |
| جگه له خوێندنه وه، ده کارگرتنی ئه زموونه کانی ژیان و نووسین، کاری دیم نییه. سه باره ت به ئیلهام له کۆتایی دا |
| ڕای خۆم ئێژم. |
| پ: باشه به ر له نووسین، فۆرم و شێوه ی نووسین دیاری |
| ده که ی؟ |
| و: ده جا دیاره پێش تر سه باره ت به و بابه ته ی که سه رنجی |
| ڕاکێشاوم، تێده فکرێم. فۆرم و هه تا ڕاده یێک چوارچێوه ی |
| دیاری ده که م و ئه نجا ده س ده که م به نووسین. |
| ئه م بیرکردنه وه و تێرامانه جاری وایه مانگێکی پێ ده چێ و |
| هه روا زه ینم به خۆوه سه رقاڵ ده کات. |
| پ: هه موو نووسه و شاعیرێک وه بزانم دایمه ده فته رێکی |
| گچکه یان له گیرفاندا بێت، ئه تۆ چلۆن؟ |
| و: دیاره هه ر وایه. ده فته ری یاد داشت و نووسینه وه ی |
| بیره وه رییان ، یه ک له و شته زۆر پێویستانه بۆ کاری |
| نووسه ره. خۆزی دایک و باوکێکم هه بوایه هه ر له مناڵییه وه |
| دنه یان دابام هه موو ڕووداوێکی ڕۆژانه ی ژیانم بنووسمه وه. |
| ئه مه به ر و پاشه که وتێکی هه ره نه خت و ده وڵه مه نده و |
| گه نجینه یێکی پڕ بایه خ ده بێت بۆ سبه ی مرۆڤ، جا چ بێت |
| به نووسه ر یان نا. ڕاسپێریتان پێ ده که م به ر له وه ی |
| حسێبی بانکی بۆ مناڵی خۆ بکه نه وه، ده فته رێکی گچکه ی |

| |
|---|
| یاد داشت و نووسینه وه ی بیره وه رییه کانی ڕۆژانـه ی بـۆ بکرێن. به لێنتان ده ده مێ به قازانجی ده رده چێ. |
| پ: هه تا چه نده به نووسینه کانتدا ده چییه وه؟ |
| و: جار له دوای جار ده س ده که مه وه به نووسینه وه یان. |
| ڕۆمانی چوار به رگی "هه وره سالان" زیتر له ده جاران |
| نووسیومه ته وه. |
| پ: ئایا ڕه خنه ت له به رهه مه کانت هه یه؟ |
| و: ڕه خنه و نرخاندن و هه لسه نگاندنی به رده وامی |
| به رهه مه کانم، کار و ئه رکێکی پڕ گرینگه و منیش به رده وام ، |
| دووی ده که م و خۆمی لێ خافل ناکه م. |
| پ: ڕات ده رباره ی ده سپێکی چیرۆک و ڕۆمان چییه؟ |
| و: ئه و په ره گرافه ی نووسینی ڕۆمان یان چیرۆکی پێ ده س |
| پێ ده که ی، گه لێ گرینگه. ده سپێکی چیرۆک زۆرجاران |
| ده توانێ خوێنه ر به ره و لای خۆ ڕاکێشێ، یان ڕه تی بنێ و |
| ده ستی لێ هه لبگرێ. ڕۆمانی " ساله هه وره کان" یش |
| ده سپێکه که ی هه ر به و چه شنه یه (قیژه، قیژه، قیژه و هـاواری دایکم ژووره که ئه ته نێ.) |
| پ: ناونیشانی چیرۆک یان ڕۆمان، که ی و چلۆن هه لئه بژێری؟ |
| و: زۆر جاران له کۆتایی ڕۆمانه که دا یاخۆ له گه رمه ی کاری |
| نووسیندا یان به ده م بیرکردنه وه ، چه ن ناونیشانێک |
| ده س نیشان ده که م و باشترینیان هه لئه بژێرم. بۆ نموونه |
| بۆ "ساله هه وره کان" نزیکه ی 10 ناونیشانم بۆ دیاری کردبوو. |
| پ: باشه هیچ ڕووی داوه چوارچێوه یێک بۆ چیرۆکه که ت |
| دارشتبێ و باسی دونیاییک بکه ی، ئه زموونی ئه وتۆت له |
| سه ری نه بێت؟ |
| و: من جگه له ئه زموونه کانم، توانای ئه وه م نییه چیتر بنووسم و |

له و تخووبه لا بده م. ره نگه بتوانم له سه ر کار و هه رمانی وه رزێرێک له کاتی درویێنه کردندا بنووسم به ڵام گه ر بۆ خۆ داسێک به ده سمه وه بگرم و دره وی پێ بکه م ، دیاره باشتر ده توانم بنووسم.

پ: جا وه بزانم به شیکی فره ی به رهه مه کانت، ئه زموونی تاکی خۆتبن؟

و: هه روایه. سه تی 99 ی نووسین و به رهه مه کانم له و ڕۆچنه وه سه ر هه ڵئه ده ن.

پ: نووسه ر هه تا چه نده پێویستی به ئیلهام هه یه؟

و: ئیلهام له باری واژه و ووشه وه به مانای " هه وێن وه رگرتن" و هه ناسه وه رگرتنه. په یڤه لاتینییه که ی inspiration ه که به مانای هه وێن وه رگرتنه. له زانستی ده روونناسی دا سه رچاوه ی سه ره کی ئیلهام،به و به شه له ناخود ئاگا و به شی نیوه وشیاری زه ین داده نرێ که پێوه ندی به بیرگه ی مرۆڤه وه هه یه. واته هه مان بابه ت سور ڕیئاڵیسته کان، گه لێ جه ختی له سه ر ده که ن. ئه وان ئه ڵێن سرشت و زاتی هونه رمه ند، هه ندێ جار ئه وده ر له چوارچێوه ی فام و ئاوه ز، ئه وه ی له خۆیدا کۆ کردۆته وه، ده ریده خات و ئاشکرای ده کات. ئه و پاشه که وته زه ینییه ، به شێوه ی ئیلهام و وه بیر خستنه وه، سه رچاوه یێکه بۆ داهێنانی هونه ری. سوورڕێئاڵیسته کان ئیلهام به چه شنه ته قینه وه یێکی له نه کاوی ڕۆح و شۆڕشێکی ده روونی داده نێن که له به شی زباندا ده قه ومێ. ئه وان دواتر چه مکی ناخودئاگا و نیوه وشیار، هه تا ڕاده یێک ده گۆڕن و ڕوو ده که نه وشیاری شێعری و هونه ری. به ڵام ماتریاڵیسته کان ، به ستێنه مادییه که و دیارده یێکی زه ینی و بیرۆکه که ی، به ئیلهام داده نێن.

| |
|---|
| ده روونناسی و ڕه خنه ی ئه ده بیی نویَ، وه ک دیارده یێکی |
| ده روونی له هونه رمه ند دا،وه رگری ئیلهامی هونه رییه و |
| ناچێته ژێر باری ڕوانگه یێکی نامادییه وه. من بڕوام به |
| ئیلهام وه رگرتن له جیهانی ماده و زه وینی و هه روه ها |
| ئه و خه ڵکه  یه و دایمه ش پێویستیم به م جۆره ئیلهام هه بووه. |
| پ: ئه تۆ چلۆن به رگی که سایه تییه کی ڕاسته قینه ده وه ر |
| که سایێتی نێو چیرۆک و ڕۆمان ده که ی؟ |
| و: حه ز ناکه م بۆ هونه رمه ند و نووسه ر، چوارچێوه و |
| فۆرم دیاری بکه م . یه ک له تایبه ت مه ندییه کانی هه ره ڕوونی<br>هونه ری، ره هه ندی واریته یی و جۆربه جۆر بوونیه تی. |
| ئه گینا هه موو به رهه مه کانی هونه ری، له یه ک ده چوون. |
| ئه م دابه شکارییه نادروسته. هونه رمه ند ده کاریَ له ژیانیا |
| به گوێره ی هه ست و نه ست، ویست و حه ز ه کانی و |
| هه ر وه ها ئه و ڕووداوانه ی که له ته کیا به ره و ڕوو ده بیَ، |
| ده س بداته ئافراندنی هونه ری جۆربه جۆر و جیاواز. |
| سنوور و تخووب دانان له م پێوه ندییه دا کارێکی چه وته. |
| پ: هه تا چه نده له به رهه مه کانتدا خۆ به قه رزاری ڕاستی و |
| حه قیقه تی نێو کۆمه ڵگه که ت ده زانی؟ |
| و: بۆ نموونه،  له "هه وره سالاَن" دا چاو له "نه نک"(داپیره) |
| که . هه موو ئه و تایبه ت مه ندییانه ی بۆ نه نک ده س نیشانم |
| کردوون، ڕه نگه له حاند ئه و سه تی سه ت ڕاس نه گه ڕێن، |
| به ڵام من به درێژایی ژیانم، گه لیَ نه نکی کرماشانیم له |
| شار و گونده کان دیوه. |
| جا بۆیه ده توانم بۆ خۆشه ویست کردنی داپیره، |
| بۆ نزیک کردنه وه و ناساندنی نه نک به شێوه یێکی هه ره |
| خۆمانه به خوێنه ر، بۆ پێرسۆناژی داپیره، له شێوه ی |

| |
|---|
| هه ڵس و كه وت، خوو و خده و تايبه ت مه ندييه كانى ئه و |
| سێره و ته مه نه، كه ڵكم وه رگرت و كه سايێتى نه نكم |
| ئافراند.يانێ توانيم كه سايێتى يه كى نێو ڕۆمان بۆ داپيره |
| چێ بكه م. |
| پ: له نێو قاره مانه كانى ڕۆمان و چيرۆكه كانتدا، كامه قاره مان |
| كه سايێتى خۆتى تيا دياره؟ |
| و: له زۆرياندا. له "ئابشووران"، "له م هه رێمه وه"، له |
| چيرۆكه كانى "هه تاو" و زۆر چيرۆكى دى دا، من به جۆرێ |
| ئاماده م. شه ريف له "هه وره سالاّن" دا بۆ خۆمم. |
| پ: له كاتى نووسين دا هه تا چه نده ڕه چاوى ته كنيكه كانى |
| چيرۆكنووسى ده كه يت؟ |
| و: ڕاستيت گه ره كه سه باره ت به ته كنيكى چيرۆكنووسى |
| وه بزانم كتێب نه بێ له و باره وه من نه مخوێندبێته وه، به لاّم |
| كاتێ ده نووسم، نووسينه كه بۆ خۆ بڕيار ده ر ده كات و |
| هێڵ بۆ خۆ ديارى ده كات،ئيدى له كاتى نووسين دا بير له وه |
| ناكه مه وه فلاّنه ته كنيك ده كار بێنم. |
| نازانم زۆرانبازێك له كاتى زۆرانبازيدا بير له وه ده كاته وه |
| ئێستێ ده بێ چلۆن ده رقه تى خه نيمه كه ى بێت و چلۆن |
| پشتى بدات به عه رزدا؟ يان نه خێر، له به رامبه ر |
| فێڵ و ته كنيكه پێش بينى نه كراوه كانى خه نيمه كه يدا |
| ده وه ستێ. وه بزانم له دونياى هونه ريشدا هه ر وا بێت. |
| ئه تۆ له گه ڵ بابه تێك به ره ڕوويت و كاردانه وه ى ئه و |
| پرسه وات لێ ده كات فلاّنه فێڵ و ته كنيك ، ده كار بێنى. |
| پ: ئايا نووسه ر بۆ خۆ ده نووسێت؟ |
| و: ديسانه وه ئه ڵێم هونه رمه ند، شاعير و نووسه ر، |

| |
|---|
| سه ربه ستته له به ر دڵی خۆ و بۆ وه ده س خستنی ده رامه تێ |
| بنووسێت به ڵام من له و شتانه ی که له دونیای چوارته نیشتمدا |
| گیرۆده یانم و به ده سیانه وه ناڵانم، ده نووسم و ئامانج و |
| مه به ستیشم ، ورياكردنه وه ی خوێنه ر له حه نای |
| ڕووداوه کانی دونیای ده ور و به ريه تی. |
| به وته ی ئه نتوان چێخۆف، یه ک له نووسه رانی هه ره |
| خۆشه ویست لام: هه موو ئه و شته ی ده مه ویست ئه وه |
| بوو، دڵسۆزانه به خه ڵک بێژم: " چاو له خۆ بکه ن.بزانن |
| چ ژیانێکی پڕ له چه رمه سه ری و کوێره وه ريتان هه يه." |
| ئه مه گرينگ ترين شته که خه ڵک ده بێ لێی بگه ن ، کاتێکيش |
| جوان لێی بگه ن ، بێگومان ده توانن ژیانێکی جوانتر و |
| خۆشتر ، بۆ خۆ بخولقێنن. مرۆڤ کاتێ چاک ده بێ، که به و |
| جۆره ی هه يه به خۆی بناسێنی. |
| پ: بۆچ ئه نووسیت؟ |
| و: له به ر ئه وه ی ده نووسم سووکه هه رمانێکم بۆ دونیای |
| چوار ده ورم کردبێت. |
| پ: هه تا چه نده ده گه ڵ داهێنان و نوێگه ری له ئه ده بدایت؟ |
| و: بڕوام به نوێگه ری و داهێنان له ئه ده بدا هه يه به ڵام نه ک |
| هه تا به وێ خه ڵک له هونه ر بخه ین. هه ندێ که س ئه ڵێن |
| ئێمه بۆ دڵی خۆ به رهه م ده خولقێنین. ئه مه درۆیێکی زل و |
| ڕموززنانه یه، گه ر بۆ دڵی خۆ ده نووسی، بیبه له نێو سووچێکی |
| ژووره که تی دانێ. ئه ی بۆ له چاپی ئه ده ی؟ چاپی ده که ی |
| هه تا خه ڵک بيخوێننه وه و بزانن ئه تۆ چلۆن له دونیا ده گه ی. |
| پ: سه باره ت به سه نته ر و کۆما نووسه رێن وڵات(ئێران) |
| ڕات چییه؟ |

| |
|---|
| و: نووسه رانی ئێران به تایبه ت له م سه رده مه دا ده گه ڵ |
| گه لێ گیر و گرفتان به ره و ڕوون به ڵام هه ر وا کۆڵ ناده ن و |
| مژولی ئافراندن و نووسینن. |
| پ: کامه نووسه ری ئێرانی یان نائێرانی کاری تێکردوویت؟ |
| و: به درێژایی ژیانم وه به ر کارتێکه ری گه لێ نووسه ران |
| که وتووم و ئه زموونیانم ده کار هێناوه و هه وڵم داوه به سه ر |
| پێی خۆمه وه ڕاوه ستم. له نووسه رانی سووچی ڕۆژنامه و |
| گۆڤارانه وه بگره هه تا نووسه رانی پێشه نگ و پێشڕه وی |
| مینا جه ماڵ زاده، هه دایه ت، چووبه ک، عه له وی و دیتران. |
| پ: به لای تۆوه تۆفیری نێوان نووسه ر و مرۆڤێکی ئاسایی |
| له چییدا ده بینی؟ |
| و: هیچ جیاوازی و تۆفیرێکیان له نێواندا نییه. مه گین ئه وه ی |
| ژیان هه ر کامه یانی به ره و ڕێگه یێک بردبێت. |
| زۆریان خوێندبێته وه.تاڵی و سوێری و ناخۆشی ڕۆژگاریان، |
| چێشتبێت و له به ر هه ستیاربوونیان، نه یانتوانیبێ له حاند |
| ئاڵۆزی و چه رمه سه ری و سه خڵه تییه کانی ژیان |
| که مته رخه م و بێده نگ بن. |
| پ: چلۆن سه یری داهاتووی ڕۆمان و کورته چیرۆکی ئێران |
| ده که یت؟ |
| و: ده گه ڵ ئه و هه موو ته نگ و چه ڵه مه و گیر و گرفتانه ی |
| له ته کیا به ره و ڕوون، پێشوازی نه کران له کتێب، کۆسپه کانی |
| سه ر ڕێی چاپی کتێب، گرانی و بێکاری و هه زار گرفتی دی، |
| ئاینده ی کتێب ڕوون نابینم و زۆر مایه ی په ژاره و نائومێدییه. |
| پ: له کاری نووسیندا هه تا چه نده یارمه تی له ده رووناسی |
| وه رده گریت؟ |

| |
|---|
| و: من له زانكۆی تاران ماسته ری ده روونناسی په روه رده یی و له فێرگه ی باڵای مامۆستایان ، ماسته ری ڕاوێژكاری و |
| ڕێنمونیم خوێندووه، دیاره ئه و خوێندنه له سه ر كاره كانم |
| شوێن دانه ر بووه. |
| پ: نووسه ر ده بێ هه تا چه نده ئاوڕ له ته نگ و چه ڵه مه و |
| گیر و گرفته كانی جڤاكی و ڕامیاری سه رده می خۆ بداته وه؟ |
| و: دیاره نووسه ر وه ك ئه ندامێكی كۆمه ڵگه كه ی، ناتوانێ |
| خۆ له ژان و ڕه نج، ئارمانج و خه باتی گه له كه ی |
| جیا بكاته وه. |
| پ: جیاوازی به رهه مه كانی بازاڕی و نابازاڕی له چیدا ئه بینی؟ |
| و: تۆفیری فیلمی "گه نجی قاروون" ده گه ڵ فیلمی "گا"ی |
| مێهرجوویی له چییدایه؟ جیاوازی نێوان فیلمی "پیاوانی دڵ ژه نگن" و " حه وت سامووراییی" به رهه می كۆرۆ ساوا، یان فیلمی |
| " ئه م تاقمه تووڕه" به رهه می سام پیكه ن پا، له چییدایه؟ |
| هونه ری بازاڕی هه ست و نه ست و بیری جوانپه رستانه |
| له مرۆڤ دا ده كوژێ و ته واو ده یفه وتێنێ، له ئاكامیشدا |
| ده یكات به بوونه رێكی گه مژه و خوێڕی و كه مته رخه م له حاند جوانییه كانی دونیا و ژیان كه چی هونه ری پێشڕه و |
| مرۆڤ به ره و لووتكه ی هیوا و به ختیاری ده بات. |
| پ: ئه ركی ڕه خنه گر له چییدا ئه بینیت؟ |
| و: بێ لایه نگری كردن و ڕاس بێژانه، به رهه مێك |
| هه ڵسه نگێنێت. ڕێنمای هونه رمه ند بێت بۆ ئافراندنی به رهه می |
| باشتر. |
| پ: كاردانه وه ت له هه مبه ر ڕه خنه توندە كانی سه ر به رهه مه كانت چلۆنه؟ |
| ڕه خنه كان چ جۆر بوونه؟ |

| |
|---|
| و: به لێ، له به رامبه ریاندا بێده نگ مام. به ڵام ئه وه نده کۆڵم نه دا و تێکۆشام و |
| وازم له نووسین نه هێنا. ئه وه نده م خوێنده وه ئیدی خه ریک بوو، برژێم. |
| نووسیم و فێر بووم و هێشتاش هه ر فێر ده بم. له زۆربه ی ئه و ره خنانه دا |
| ده بێژن ره چاوی ته کنیکه کانی چیرۆکنووسی ناکه م، هه ڵبه ت یه ک له |
| تایبه ت مه ندییه کان لای منیش هه ر ئه مه یه که نامه وێ دووی شێوازی که س |
| بکه وم و پێبه ن به هیچ داب و شێوازێک نیم و دڵم حه زی له چی بێت، ئه ینووسم. |
| پ: ئایا فۆرمۆلێکت لا پێ شک دێ، بکرێ له رێیه وه بیت به نووسه رێکی سه رکه وتوو؟ |
| و: سامرست مۆام ده بێژێ: "سه تی یه ک به هره و سه تی 99 کار و هه وڵ و تێکۆشان و کۆڵنه دان." من به مه پڕ برِوام هه یه . |
| پ: هه نووکه چیت به ده سته وه یه؟ |
| و: مژولی کارێکم سه باره ت به : " داب و نه ریتی خه ڵکی کرماشان. هه ر وه ها |
| " بیره وه رییه کانی سه فه رخان" یشم به ده سته وه یه. کۆمه ڵه چیرۆکێکیشم |
| ئاماده یه که هێشتا ناونیشانم بۆ دیاری نه کردووه. |
| پ: چیت بۆ نووسه رانی ئێستا و تازه کار پێیه؟ |
| و: ڕاسپێرییان پێ ده که م ده فته رێکی یاد داشت و نووسینه وه ی بیره وه رییه کانی |
| ڕۆژانه بۆ خۆ چێ بکه ن، هه تا هه لێکیان ده س ده که وێ، خۆ به |

| |
|---|
| خوێندنه وه ی |
| کتێبی باش ، خه ریک بکه ن. ئاگایان له کۆمه ڵگه و خه ڵک بێت هه تا هه میشه |
| به رهه مه کانیان نوێ بنوێنێ. من کاتێ "هه وره سالاّن" م ته واو کرد، نزیکه ی |
| سێ سنووقی گه وره یاد داشت و فیش و به ڵگه م هه بوو که به گوێره ی ئه وان |
| ڕۆمانی 2400 ڕووپه ڕی " هه وره سالاّن" م نووسی. گرینگ تر له هه موو شتێکیش |
| ئه شق و هۆگری به کار، گه لێ بایه خی هه یه، گه ر مرۆڤ ئه وانه ی له گه ڵ |
| نه بێت، به هیچ کوێ ناگات. |
| عه لیخانی: سوپاس بۆ تۆ وه رامی پرسیاره کانمت دایه وه. |
| و: منیش سوپاسی تۆ ده که م. سه رکه وتوو بیت . |